کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە



# چارەنوسی نەتەوەی کورد لە دوای گۆڕانکاری سیاسەتی دەرەوەی ئەمەریکا

ئەگەر سەرنجێك بدەین لە سیاسەت و ستراتیژی دەرەوەی ئەمەریکا ، دەبینین گۆڕانکارییەکی بەرچاوی بە خۆوە دیوە ، بە تایبەتی دوای فشار خستنە سەر سەرۆکی ئەمەریکا لە لایەن دیموکراتەکانەوە ،دژ بە سیاستەکانیان لە ڕۆژهەلاّتی ناوەڕاست بە گشتی و عێراق بە تایبەتی ، بەرزبوونەوەی دەنگی ناڕەزایی لە ناوخۆی ئەمەریکا بە هۆی لە دەستدانی ژمارەیەکی زۆری سەربازانیان ( نزیکەی 3400 ) لە شەڕی دژ بە تیرۆر لە عێراقدا ، ئەمەش بە ئاشکرا ڕەنگدانەوەی لە سەر سیاسەت و ڕێڕەوی پلانەکانیان دەبێت و لە هەوڵداندان بۆ ڕاستکردنەوەی هەڵەکانیان و گوێگرتن لە هەموو جۆرە ڕەخنەو پێشنیارێك ، کە هیواییەکی تێدابێت بۆ چاککردنی بارودۆخەکە ، باشترینیان، لێکۆڵینەوەکانی ( بێکەر – هامیلتۆن) ە کە سودی لێ ببینن و پەنای بۆ بەرن، ئەمەش لە چەند خالێکدا دەردەکەوێت:

+ ڕازیبوون بە گفتوگۆکردن لەگەڵ ئێران و سوریا و ڕەوتی سەدر و بەرهەڵستانی سوونە لە عێراقدا.

+دەستپێکردنی گەشت و جموجۆلی دیپلۆماسی لە لایەن ڕایس و دیك چینی بۆ ڕۆژهەلاّتی ناوەڕاست و ڕوسیا .

+ پەیماندان بە وولاّتانی کەنداو و میسر و ئوردون کە زۆرتر دەسەلاّت بدەن بە سوونەی عێراق و چیتر پەراوێز نەخرێن.

+ناچارکردنی دەسەلاّتدارانی عێراق بۆ گەڕانەوەی کۆنە ئەفسەرەکانی سوپای ڕژێمی پێشوو و هەلۆەشاندنەوەی یاسای ڕیشەکێش کردنی بەعسییەکان و گەڕانەوەیان بۆ سەر کارەکانیان .

+ بالێوزی پێشوو زالماى خەلیلزادە بە ئاشکرا دەیەوێت ، دۆزی کەرکوك ڕاپێچی نەتەوە یەککگرتووەکان بکات ، بە کورتییەکەی، هەوڵدانی دواخستنی دەدرێت.

+ هەوڵدانی گۆڕینی یاسای نەوت کە لە ژێر دەسەلاّتی هەرێمەکان نەمێنێت و بخرێتە ژێر دەسەلاّتی ناوەندەوە.واتە هەموار کردنی دەستور.

+ هەڕەشە کردن لە سەرۆك وەزیرانی عێراق و دانانی خشتەیەکی کاتی بۆ چارەسەرکردنی گیرگرفتەکان، بە پێچەوانەوەش ، لابردنی لەسەر کارەکەی ئەگەر هەولّی خێرایی نەدرێت. هتد .......

ئەمانە هەمووی ئامۆژگاری (بێکەر – هامیلتۆن) ە کە ئێستا جێبەجێ دەکرێ.

شانبەشانی ئەمەریکاش ، چەند جموجۆلێکی تری سیاسەتمەدارانی عێراقی و

ناوچەیی و جیهانی لە ئارادایە ، وەك:
+ هەوڵی دیپلۆماسی سەرۆك وەزیرانی پێشووی عێراق( عەللاوی) و گەشت كردنی بۆ وولاتانی توركیا و میسر و كەنداو و ئوردۆن بۆ پشتگیری كردنی، بۆ پێكهێنانی هاوپەیمانییەكی تازە ، كە دەسەڵاتێكی ناوەندی بەهێز دروست بكرێت ، ڕێگرتن لە بەهێزكردنی هەرێمەكان، بە ئاشكرا لە لایەن ئەو وولاتانەوە ، بە ئەمەریكاشەوە ، پشتگیری لێ دەكرێت.
+ هەوڵدانی بەردەوامی ناڕاستەوخۆی مالكی بە بیانووی جیاوازەوە بۆ دواخستنی بڕگەی 140 ی دەستور بۆ ئاسایی كردنەوەی كەركوك و ناوچەكانی تر.
+ هەوڵی چڕ و پڕی توركیا بۆ تەگەرەخستنی گەڕانەوەی كەركوك بۆ سەر هەرێمی كوردستان ، ئەمەش بە كۆبونەوەیان لەگەڵ ئێران و سوریاو ئەمەریكا ، ڕێكخستنی كۆڕ و سیمیینار بۆ توركمان و عەرەبی سونە و پڕوپاگەندەی بێ بنەما و دوور لە ڕاستیەوە، تەنانەت وەزیری دەرەوە (گول) بەئاشكرا دەڵێت دواخستنی بڕگەی 140 لە ئان و ساتدا ڕوودەدات.
+ نوێنەری شانشینی سعودی لە كۆمەڵەی نەتەوە یەكگرتووەكان داوادەكات پرۆژە بڕیارێك دەربكرێت ،كە ڕێ لە دابەش بوونی عێراق بگرێت.
+ ڕاهێنانی تێرۆریستان لە سوریا و ئێران و ناردنیان بۆ عێراق بۆ بەردەوام بوونی ئاژاوەگێڕی لەو وولاتەدا.كە زۆربەشیان لە وولاتانی كەنداوە دزەدەكەنە عێراق.
+ دروستكردنی بەنداو لە سەر ڕوبارەكانی ناو ئێران و توركیا ، كە بە كوردستاندا تێ دەپەڕن و هەوڵدانی داخستنی سنورەكانی كوردستان بۆ نانەوەی گیرگرفت و پشێوی لەو ناوچەیەدا، كە دەبینن گەشەكردنی تیا بەردەوامە.
+ تۆپباران كردنی دێهاتەكانی سنور و لەشكركێشی لە لایەن ئێران و توركیاوە.
+ ڕەخنەگرتن و پڕۆپاگەندەكردنی نوێنەری بەرەی توركمانی داردەستی توركیا لە ئەوروپا،لە بارەی سەردانی سەرۆكی هەرێم بۆ برۆكسل .
+ لە سەردانێكی وەزیری ڕوسیا بۆ توركیا ، بە توندی دژی دروستكردنی دەوڵەتی سەربەخۆیی كوردستان دەدوێت و پشتگیری خۆیان بۆ توركیا دوبارە دەكەنەوە.

هەرچەندە ئەم وولاتانە (وەك توركیا ، ئێران ، سوریا ، وولاتانی كەنداو) لە ناوخۆدا گیرگرفت و قەیرانێكی سیاسی و كۆمەڵایەتی و ئابووری زۆرییان هەیە، لە هەوڵی بەردەوامدان بۆ سود وەرگرتن لەو بارودۆخەی ئەمەریكای تێ كەوتووە ، دەیانەوێت لایەنە لاوازەكەیان بقۆزنەوە و هەوڵی بەدیهێنانی دەسكەوتەكانیان بدەن و ئەو هەلە لە دەست خۆیان نەدەن ، تەنانەت لە توركیا هەوڵ دەدەن لە لایەن سیخورەكانی( میت)ەوە تەقینەوەیەكی وەك ئەوەی ئەنقەرە بكەن و تاوانەكەی ئاڕاستەی ئەندامانی پارتی كرێكارانی كوردستان بكەن و وەك بەڵگەیەك بەكاری بهێنن دژی هەرێمی كوردستان و ماف بە خۆیان بدەن بۆ هێرش

کردنە سەر ناوچەکە ، لەگەڵ ئەوەی ئەو پارتە ئاگربەستی یەکلایەنە جێ بە جێ دەکات.
بە کورتییەکەی بەهەموو ئەو قەیرانەی کە هەیانە لە ناوەوە و دەرەوەی وولاتەکەیان ،چاویان هەر لە کوردستانە و بەهەموو هێزێکیانەوە بەرەنگاری ئەو پرۆسە سیاسی و ئابووری و بازرگانییەن کە لە کوردستاندا بەردەوامە ،بە هەرەشەیەکی گەورەی دەزانن بە سەر ئاسایشی رژێمەکەیان.
ئێستا پرسیار دێتە پێشەوە ، ئاخۆ چارەنوسی میللەتی کورد لەم گۆڕانکارییەدا چییە؟؟؟؟؟ ئایا ئێمەی کورد ،راستر سەرکردەکانی کورد خۆیان ئامادە کردووە بۆ رووداوێکی چاوەڕوان نەکراوی کتوپڕ ؟؟؟ ئایا دەتوانین بەرەنگاری ئەم هەموو ناحەزانی کوردە ببینەوە ؟؟؟ ئایا بیرمان لە پیلانێك کردۆتەوە بۆ بەرگری لە مافە دەستکەوتووەکانمان و بەدیهێنانی ئاواتە نەهاتۆتە دییەکان ؟؟؟ ئایا بیرمان لەوە کردۆتەوە؟؟؟،چیمان بەسەر دێ ئەگەر عێراقێکی خاوەن سوپاییەکی بەهێز دروست بوو و دیموکراتی تیا شکەستی تیا هێنا ؟؟؟ زۆر پرسیاری تر دێتە پێشەوە،کە من نامەوێت درێژەی پێ بدەم.
ئێمە لاریمان لەوە نیە، کە سەرکردە و پارتە کوردییەکان دڵسۆزی کوردستان و نەتەوەی کوردن،جگە لە هەندێ هەلپەرست و گەندەڵچی کە خۆیان لە ناو ئەو پارتانە حەشارداوە و خەریکی خۆ دەوڵەمەند کردنن ، کوردایەتی مەبەستیان نیە ، بەڵام بە داخەوە پارتەکان کەمتەرخەمییەکی زۆرییان هەیە و خەمساردییان پێوە دیارە، هیچ هەوڵێکی دیپلۆماسییان لا میوان نیە ، زۆرتر سەرقاڵی بەشکردنی پلەوپایە و ململانی سیاسی و دەسەڵاتن ، کە ئەمانە بۆ ئیمرۆی کورد شتێکی زۆر لاوەکین نەك سەرەکی ، بە پێچەوانەی وولاتانی دراوسێ بە چواردەوری خۆیان کەوتونەتە هەڵپەی زیاتر دەسکەوتەکانیان و پارێزگاریکردنیان لێی .
بە بۆچوونی من ئەوەی کە پێویستە سەرکردایەتی کورد بە زووترین کات هەنگاوی بۆ بنێت ئەمانەن:
+ رێگا نەدانی دواخستنی برگەی 140 و جێ بە جێ کردنی لە کاتی خۆیدا .
ئەگەر بەهەر هۆیەك دوا خرا ، یەکسەر کشانەوەی لە کابینەی مالکی.
+ ناچارکردن و داواکردن لە ئەمەریکا بە فەرمی بۆ داواکردنی دۆکۆمێنتێك ، کە مافەکانی کوردی تیا مسۆگەر بکرێت و پاراستنمان لە دەست درێژی وولاتانی دراوسێ و جێگیرکردنی سوپای ئەمەریکا بە بەردەوامی لە کوردستاندا.
+ دروستکردنی دەستەیەك کە پێکهاتبێت لە پسپۆرانی سیاسی بێلایەن و ئەندامانی پەرلەمان و وەزیران ، کە ئەرکییان، گەشتی دیپلۆماسی بێت و بە هەموو جیهاندا بگەرێنن ،بۆ بە دەستهێنانی پشتگیری گەورەترین نەتەوە لەسەر رووی زەمین کە خاوەنی دەوڵەتێکی سەربەخۆ نیە و هەوڵدان بۆ رازیکردنیان.

+ هەوڵدان بۆ دروستکردنی کارگەی خۆماڵی بۆ پێویستی ڕۆژانەی هاووڵاتیان تا پێویستیمان چیتر بە ووڵاتانی دراوسێ نەبێت و پاپەند نەبین پێیانەوە .
+ هەوڵدان بۆ هێنانی کۆمپانیایی ئەوروپی و ئەمەریکی لە جیاتی تورکی و ئێرانی ،کە تەنها مەبەستییان بردنی سەرماییەی کوردستانە.
+ خۆلادان لە ململانی پارتایەتی و هەلپەرستی و کەم کردنەوەی گەندەڵی.
+ خۆلادان لە زمانی هەڕەشە و خۆ دوورخستنەوە لە دروستکردنی ئالۆزی سیاسی لەگەڵ ووڵاتانی دراوسێ ،بەتایبەتی ئەگەر نەتوانین جێ بە جێی بکەین.
+ کۆکردنەوەی عەرەبە ڕاکردوو پەنەهەندەکان لە شوێنێکی دیاریکراودا ، ڕێگرتن لە هاتوو چوو و تێکەڵ بوونیان لەگەڵ دانیشتوانی شارەکان ،بۆ پاراستنیان لە و تێرۆرسستانەی خۆیان تیا حەشاردراون.
لە ڕاستیدا زۆر هەنگاوی ترمان پێویستە کە ئێستا کاتی باسکردنیان نیە.
لە کۆتاییدا دەلێم ئەگەر ئەو هەنگاوانە بە هەند وەرنەگرین کە لەم ڕۆژانە دا لە ناوچەکە و جیهاندا دەبینرێنن، ئەوا چارەنوسێکی ڕەش چاوەڕێمان دەکات ، هەرچەندە جارێ زووە و هەلمان لە دەستدا ماوە بۆ سود وەرگرتن لێیان.
ئەگەر ئێمەش هەڵنەستین بە ئەرکی سەرشانمان ،ئەوا بۆ ماوەییەکی زۆر دوور و درێژ، هیواکانمان دەخەینە ژێر گڵ بە کەرکوك و ناوچە داگیرکراوەکانمانەوە.

خەبات لاوباخ
بەرلین / 24-5-2007